دوای لێبووردنی گشتی کێشەی ونبووەکان زیندوو دەبێتەوە

بەشی دووەم

سهام حەسەن

فرهاد اسماعیل خدر لەدایک بووی ١١،١٩٦٦ ساڵە بێ سەروشوێنە لەشەری ناوخۆ. سەردانی زۆر بەی جێگاکانم کردووە، زۆربەی مەسئولەکانی یەکێتیم دیوون بۆ ئەم مەبەستە. هەتا ئێستا هیچ خەبەرێکی نییە.

بەتەواوی رێکەوتی وون بوونەکەی نازانم، بەڵام(١٥) رۆژدەبوو هەوڵێر گیرابوو کە گیرا لەلایەن کۆسرەتەوە. دوو منداڵمان هەیە، کچێ وکوڕێک هەتا ئێستا خۆپیشاندان نەکراوە هەتا ئەمن بەشداربم بەڵام وەکو سەردانی حزب و لایەنە سیاسیەکان هەموویم کردووە بەتایبەتی ئەوانەی کەسەر بە (ی.ن.ک)ن سەرەتا داوای شتی مادیان دەکرد، دوایی ووتیان لەزەڵێ گیراوە. داوای کامیرەکەیان کرد ئەوکات بایی (٧٠) ورقە بوو (حاکم قادر داوای کرد). دوایی دڵپاک تاهیر خێزانی کریم عوسمان هەستا مەوزوعەکەی تێکداو نەیهێشت. ووتی"ئەوە بەدیلی مێردی منە" کریم عوسمان لەلایەن پارتیەوە کوژراوە، ئەو فەرهادەش کە لێرە گیراوە ئەمن حەزدەکەم بەدەلی وی بی، کامێرەکەم نەکری خەریک بووم، بەڵام ئەو مەوزوعەکەی تێکدا، حاکم قادر خۆی داوای کامێرەکەی کرد، خوشکەکەم لە خارج هاتبۆوە لەگەڵ ئەو چووم سەردانم کرد. پاشان ماوەکی پێچوو خۆمان چووینەلای کۆسرەت.(کۆسرەت رسول) ئەو داوای ئەو گوتی ماوەو هیچ دەستمان لینەداوە بەس لە زەڵآیە، لەگەڵ خەسوم داوای مواجهەمان لێی کرد ووتمان ئەگەر بۆ دەقەیەکیش بێت با ببینین، وەرەقەکی داینە ووتی بڕۆن مواجهەی بکەن لە زەڵێ هەستاین ئەو هەموو شتەمان کری وخۆمان حازرکرد ئەوکات لەسەیارەش نەتدەتوانی بچیە زەڵێ بەکەروباری چووین بەو بەفرو بارانە ئەو هەموو رێیەمان بری ئەوهەموو ماندوو بوونەش کە چووین بانگی فەرهادەکیان کرد ووتیان فەرهاد بابێت کەس وکاری هاتووە بۆ مواجهەی کەهات پیاوەکی دی بوو پیاوەکەی من بوو. ئیدی ئەمەش وەکو گاڵتە پێکردنەک بوو بۆ جاری سێیەم دیسان چووینەوە ئەوجارە مەجموعەنا وەکی داینێ (هاشم جهازو شێخ تارق و مجموعەک مەسئولی گەورە گەورە بوو کەلەگەڵ فەرهاد عاردو عاسمان بوو کەئەو کابرایەک بوو لە ئیعلام ئیشی دەکرد و هیچ علاقەی بە سیاسەتیش نەبوو لەدەزگای گوڵان ئیش کردووە وەک پەیامێریک یان وەک مسوریک یا وەک بێژەریک هیچ علاقەکی بەسیاسەتەوە نەبووە کاک کۆسرەت بەلەفزی قسەی خۆی داوای بەردانی یەک لەوناوانەی کرد کە لەوەرقەیەک نووسی بووی ١١ یازدە ناوبوو بەرامبەر بە ئازاد کردنی فەرهاد ووتی ئەگەر ئیوە مواجهەی یەک لەو ناوانەمان بۆ بکەن ئێمەش مواجهەتان دەدەینێ ئەگەر یەک لەوناوانە بەربدەن ئیمەش فەرهاد بەردەدەین، ئەوکات کاک کۆسرەت لەکۆیە بوو هەستاین لەگەڵ خوشکەکەم کاغەزەکەمان بردەلای کاک نیچیر ئەوان لێرە گوتیان ئەو ناوانە لەلای ئیمە نیە. لە یەکێتی وایان دانابوو کە فەرهاد سەر بەحزبەکی زۆر گەورەیەو پیاوی کاک نێچیرەو بەڵام وەک حزب ئەگەرئەو سەربە حزبەکیش بیت ئەمرۆ هەمووکەس سەربە حزبێکە یان حزبێکی خۆش دەوێت یان لە دەزگایەکی حکومی ئیش دەکات بەس ئەو لەشەڕ نەبووە وەکو پێشمەرگە هەتا موزیعی اخباریش نەبووە بکریت اخباری دەخونتەوە بەس ئەوان لەوێ زۆر گەورەیان کردیە داوای مسئولی زۆر زۆر گەورەیان کردیە مقابل بە فەرهاد کەچی لیرە ئەمن هینامەوە بردمەی لای مسئولە گەورەکانی پارتی مجموعەکیان هەبوو ئەسلەن هەر فەرهادیان نەدەناسی نەک بەکارمەندیکی ئەو هاگەورە لیکی بدەنەوە، ئەوناوانەی کەمن هنام بردمە لای کاک نیچیر ووتی ئەوانە لای ئێمە نین و نەمان دیتووە، رۆژیک لە رۆژان(ی . ن . ک.) داوای پارەی نەکردووە هەتا حزب لیرە بدات بۆ ئازاد بوونی. یەکیتی داوای مەسئولی گەورە گەورەی دەکرد وەک بەدیل، هەر بەدیل، هەر بەدیلێکیش ئەوان داوایان دەکرد لێرە پارتی دەیگوت لای ئیمە نیە. لیرە بەس نەچوومە لای کاک مەسعود دەنا مسئول نەما ئەمن نەچمە لایان و نەپرسم. خوالێ خۆش بوو سامی عبدالرمن کەچوومەلای ووتم پیاوەکەی من لەسەر ئێوە گیراوەو کاتی خۆی عایدی ئێوە بوو ووتی فەرهاد کیە لەلای ئێمە هیچ فەرهاد اسماعیل نەگیراوە. ووتم نالیم لەلای ئێوە گیراوە دەڵیم یەکێتی گرتوویەتی لەبەرئەوەی ئە پیاوی ئێوە بووەو سەربە پارتی بووە، ووتی ئەوجا ئیستا مسیری چیە ووتم ئەمن هاتیمە مسیری لەئیوە دەپرسم. من ژنێکم خاوەن دوو منداڵم حەزدەکەم مسیری میردەکەم دیاربیت ئەگەر مابێت یان نەما بیت ووتی ئیمە هیچ شتیکی دەربارەی نازانین. بەداخەوە زۆربەی مسئولەکان کە دەم بینن لەمن دەپرسن و دەڵین هیچ سۆراخی نیە هەتا رۆژێک لەلایەن(کریم سیجاری)یەوە تەلفۆنم بۆ کرا لەریکخستنی تایبەت لە مەسیف بچم کە خەبەرم بۆهاتووە، کەچووم کاغەزیکیان پیشانی مندا بزەبت خەتەکە مەتی مێردەکەی من بوو ووتی رۆژێک لەرۆژان تۆ لەگەڵ مێردەکەت ئەو یادگاریەت لەگەڵ مێردی خۆت هەبووە، کە ئێمە رۆژێک بەمیوانی دەچووینە مالی هاوتا ئەسعد مالم لەمسیف بوو سەیارەیەک بەلاماندا هات وقوراوی ئەوجادەی هەموو پێدا کردین و سەیارەکەش رای نەگرت ئەوکات ئیمە زۆر پێکەنین نەمانزانی نەبچینە ماڵەوە نەبچینە میوانداریەکە بەو قوراوەیە، ئەویادگاریەش من ومێردەکەم نەبیت کەس نەی نووسیبوو کەسیش نەیدەزانی لەپارچە کاغەزیکی بچووک نوسرابوو کریم سنجاری پیشانی منیدا ووتی ئەو کاغەزە لەلایەن فەرهادەوە هاتووە. بۆتۆ ئەو نهێنیە هەیە لەنێوانتان و ئەوخەتە خەتی فەرهادە ووتم ئەوخەتە خەتی منەو ئەوشتەش رووویداوە ووتی باشە ئیدی ئیمەش ئیشت بۆ دەکەین بەڵام هیچ نەبوو. ئەو شتانە زۆر لەمیژە هەمووی بدایەت بوو ساڵی یەکەم ودووەم. سی وچوار سال پیش ئێستا ڤیستیڤاڵێک کرا لە سلێمانی ئێمەش وەکو هونەرمەندان هەموومان بەیەکەوە چووینە سلیمانی لەوێ هونەرمەندەکانی خۆمان کۆبوونەوە ووتیان حەز دەکەین شتێکت بۆ بکەین، و بچینە لای کاک کۆسرەت و داوای لێ بکەین ئەگەر ئەو پیاوە ماوە پێت بڵێن وئەگەر نەماوە هەر پیت بڵێن جوابی وان ئەوە بوو بە کتابی رسمی ووتیان پیی بڵێ ئەو کابرایە لەلای ئیمە نیەو نەمان دیتووە، پیشتریشی دەی گوت ماوەو برۆنە زەڵێ و داوای بەدیلی دەکرد لەبەرامبەر ئازاد کردنی مێردەکەی من و کاغەزی بینن وببەن و ئەو شتانە،ئیدی ئاخرجار کە لەسلیمانی هاتمەوە لەگەل جەماعەتی هونەرمەندان کە ئەوقسەیان بەوان گوتبوو هەموویان شایەدن، ئازاد جوندیانی گوتبووی بەو ژنە بڵێن ئەو کابرایە نەماوەو چاوەرێی نەکات، ئیدی لەو جاریەوە ئێمە نەچووینەوە سلیمانی. ئەگەر قەزیەکە بە قانوونی بکەم و محامی بگرم رووبەڕووی کیی بکەمەوە ئەمن ناتوانم بەتەنیا بەرامبەر حزبیکی گەورە راوەستم بەڵام ئەگەر هەموومان وەک خاوەنی کەس وکاری بێ سەرو شوینانی شەری ناوخۆ کۆبینەوە من لەپێشەوەی هەموویان دەبم، من خاوەن دوو منداڵم یازدە ساڵەی چاوەرێ دەکەم حەزدەکەم بەمان ونەمان مسیری میردەکەم بزانم. برایەت ویستیان رادیۆو تەلفزیۆنی گوڵان لەسلیمانی بکەنەوە ئەوەبوو ئەو ئیوارەیەی میردەکەی من سەفەری کرد شەوێ قوەتی پارتی لەسلێمانی سحبی کردبوو بەرەو هەولێر گەرابوونەوە یەکێتی ئەوکات لەزەڵآ بوو گەرابوونەوە سلێمانیان گرتبوو میردەگە منیش شارەزانەبو لەگەل کارمەندیکی تەلەفزیۆنی گوڵان ناوی ووشیار بوو بەیەکەوە گەرابوونەوە تەکسیان گرتبوو رییان لێ هەڵە بوو بوو لەسیترەی بەختیاری مام غەفە هەبوو هەردووکیانی هینابووە خواری فەرهادیش کەسێک بوو لە تەلفزیۆن دیاربوو، گوتبووی ئەوە فەرهاد اسماعیل مان گرتووە میردەکەی من زۆر لیی پاڕابۆوە گوتبووی کچێکم هەیەو بمگرن دەم کوژن گوتبووی ئەمن ئەوی بی گرم پارتی بی هەتا کوری خۆم بی تەسلیمی دەکەم. ئیدی تسلیمی کاک کۆسرەتیان کردبوو بردبوویانە محافزە بەیانییەکەی سعات هەشت ئەوکات کا کۆسرەت لەمحافزەی دادەنیشت لەسلیمانی ووتی کە بردیان یەکەم قسەی کاک کۆسرەت ئەوە بوو گوتبووی ئەوە بەدیلی کەریم عوسمانە برۆن بیبەنە ژوری. کورەکە گوتی ئیمەیان بردە محافزە وتقریبا نیو سعات یان سعاتێک ماینەوە نان وماست و چاویان بۆ هینابن بەیانی بوو نانمان خوارد و گوتی یەکێک هات ووتی کامتان فەرهاد اسماعیل، گوتبووی ئەمن گوتی وەرە بانگت دەکەن. گوتی هەر ئەوەندە معلوماتەم لەسەری هەیەو ئیدی فەرهادیان برد. دووسال پێش ئیستا لەدوای منیان نارد لەدەزگای مکتەبی ناوەندی لە مەسیف ووتیان ئیدی راتبی فەرهاد لەلای ئێمە برا دەتوانی بچینە دەزگای شەهید ولەوێ معامەلەی خۆت بکەی و وەکو مانگانە شەهیدانە وەرگری ووتم بۆ مێردی من معلوماتمان شەهیدبووە ووتیان ئیمە نازانین و معلوماتمان نییە بەس لای ئیمە راتبی تۆ نەماوەو برۆ لەوێ وەرگرە ئیدی هەستام لەرێگای محکەمەوە وەفات نامەو قەسام شەرعی و حجەالوسایەو هەموو شتێکم دەرهێاو لەوکاتەوە من شەهیدانە وەردەگرم بەبێ ئەوەی بزانم مێدەکەم ماوە یان نەماوە.

عمر حسین حمد لەدایکبووی (١٩٧١)ە پێشکەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و لە رێکەوتی ١٩٩٦/٦/١٥ەوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گیراوە، لە کاتی شەری ناوخۆ و هەر لەسەرەتاوەو تاوەکو ئێستا بی سەروشوێنە خاوەنی کچیان باوکیان نایەتەوە یاد، کاتی وونبوونی باوکیان دونیای کچی تەمەنی سی ساڵانبووە، بەڵام تەنیای کورە بچووکی دوای گیرانی باوکی چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

من لەبەر ماڵی باوکم نەبێت بەرێوە ناچم و هیچ کەسێک ئاورمان للێ ناداتەوە

(زوهریە مامەند محمد) خێزانی عمر حسین وتی: یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە بۆ ئێمە هیچ ناگەیەنێت، چونکە حسابمان بۆ ناکەن و ناڵێن ئەوە ئێمە پێکهاتووین، باکێشەی ئەوانەش چارەسەر بکەین.

زۆر هەوڵمان داوە، بەڵام هیچمان پێ نەکراوە، من لەبەر ماڵی باوکم نەبێت بەرێوەناچم و هیچ کەسێک ئاورمان لێ ناداتەوە. تەنها ئەو برە موچەیە نەبێت کە لە ی.ن.ک. وەری دەگرم. من پ.د.ک. و ی.ن.ک. بە بەرپرسیار دەزانم لە دیارنەمانی پیاوەکەم دەبێ ئەوا عیلاجمان بکەن، بەتایبەت یەکێتی چونکە پیاوەکەم لەسەر ئەوان گیراوەو پێوستە ئێستا سۆراخی ئەوانە ئاشکرابکەن.

باوکمم نەدیوە، ئەگەر ببینم نایناسم

تەنیا عمر حسین وتی: من باوکمم نەدیوە و نازانم لە کوێیە دایکم دەڵێت باوکت گیراوەو ئەگەر ببینم نایناسم، باوکیشم منی نەدیوە، حەزدەکەم یەکتر ببینین، داوا دەکەم باوکم بەربدەن.

نازانم باوکم لە کوێیە، بەڵام دایکم دەڵی بزربووە

دنیا عمر وتی: نازانم باوکم لە کوێیە، بەڵام دایکم دەڵی بزربووە. باوکم پێشمەرگەی یەکێتی بوو، من سێ ساڵ بووم کە باوکم گیراوەو براکەم لە من بچووکترە باوکمی نەدیوە، من زۆر بیری باوکم دەکەم حەز دەکەم بگەڕێتەوە بۆ لامان.

ئایا رۆڵ و کاریگەری ژن لەکاری حزبیدا، پاشکۆیە ..... یان؟

هۆشیار عەبدولرەحمان

لەسەرەتای بەرەبەیانی مێژووداو بەتایبەتی لەقۆناغی کۆمۆنەی سەرەتاییدا، ژن وەکو رەگەزێکی پێکهێنەری کۆمەڵ کەخاوەن ئیرادەیکی بەهێزو تاکێکی بەسوودو خاوەن بەرهەم بووایە هێچ شێوەیەک لەشێوەکان پاشکۆو پشتی بەهێزی پیاو نەدەبەست، بەڵام لەدوای دابەشبوونی کار لەنێوان ژن و پیاو نیشتەجێبوون و کەوتنە ماڵەوەی زیاتری ئافرەت و منداڵ بەخێوکردن، ئیتر لەو رۆژگارەوە تائەمرۆ تەواو ئازادی سەربەستیەی ژن لەدەستی داوەو مافەکانی بەردەوام لەلاینە پیاوەوە پێشێک دەکرێت وە خۆرزگار کردن لەو چەوساندنەوەو هەڵاویزکردنەوە کە سیستمی کۆمەڵایەتی پیاو سالارییەوە دروستبوو. کۆمەڵگەی کوردیش کە بەشێکە لەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەکو پێویست نەیتوانیوە سەرجەم قۆناغەکانی تێپەڕێنێت و دەتوانین بڵێین ئێستاش لەپاشماوەی قۆناغی دەرەبەگایەتیدایە. ئەگەر چاوێک بەمێژووی خەباتی نەپساوەی ژناندا بخشێنینەوە لەجیهاندا دەبینین چەندین ژنی تێکۆشەرە بوێر لەم مەیدانەدا بەرخۆدانی مەزنیان کردووە گیانیشیان کردووە بەقوربانی رۆژێکی جیهانیشیان لەمێژوودا بۆ خۆیان تۆمار کردووە لە کۆمەڵی کوردیشدا چەند نموونەیکی ئافرەتی ئازاو لەخۆبردوو و تێکۆشەرو رۆشنبیرمان هەیە هەرچەندە بەپەنجەکانی دەست دەژمێرێن بەڵام لە رۆژگارەکانی پێشوودا تاکو ئێستا جێگەی رێزو نرخاندنێکی گەورەن ئێستا لەو واقعەی کە لەناو پێکهاتەو بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردیدایەو کە واقعێکی تەواو پیاو سالارییە مرۆڤ ناتوانێ خۆ لەو راستیە بدزێتەوەو دانی پێدا نەنێت بەو حوکمەی کەبریار لەخێزاندا سەرچاوەکەی بۆ یەک جار لەباوک یان کور دەردەچێت کە پیاوە لەوێوە بۆ خێڵ و عەشیرەت و تا دەچێتە ناو کایەکانی حزب و رێکخراوی سیاسی کوردییەوە ئیتر هەموو بریارەکان و بیرکردنەوەو هزرەکان هەموویان هی پیاون و سەرجەمیان دژی ماف و ئازادی خواستەکانی ژنن، لەگەڵ ئەو دابوو نەریتە کۆنانەو هەندێک قسەو قسەڵۆکی بێ بنەمای زانستی دژ بەژن، لەدوای بەشداریکردنی ژن تێکەڵاوبوون بەکاری سیاسی و حزبی و مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا، ئیتر بواریکی باش بۆ ژن رەخسا دیلی و تۆمەتانەی کە دەدرایە پاڵ ژن کە بوونەوەریکی زەعیفەو ناتوانێ کاربکات هەموو پووچەڵ کردووە، ئێستا لەباشوری کوردستان سەرەڕای تێپەربوونی ١٦ ساڵ بەسەر ئەزموونی حوکمڕانی و ئیدارەی کوردیدا، سەرەڕای بوونی چەندین رێکخراوی ژنان و پاشکۆی حزبی و پیشەیی سەر بەژنان، بەڵام هێشتا ژنان لەئاستی پێویستدانیە، بۆیە لێرەدا پرسیارێک رووبەرووی ژنان دەبێتەوە بۆچی؟ ژنان لەگەڵ ئەو هەموو خەبات تێکۆشانە دوورو درێژەی شاخ و شار نەیانتوانیوە بگەنە ئاستە باڵاکانی ناوەندی بریار لەدەسەڵاتی حزبی داو وەکو پۆستی مەکتەبی سیاسی و پۆستی سەرۆکی حکومەت یاخود سەرۆکی پەرلەمان، تاکو ژن بۆ خۆی خاوەن بریار نەبێت بۆ کێشەو گرفتەکانی ژن نەک پیاو. بریاربدات کە کێشەی ئەونیەو هەر بریارێک پیاوبیدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژن لەبەرژەوەندی ژندا نابێت، ئێستا ژنان و سەرجەم رێکخراوەکانیان کەوتوونەتە بەر رەخنەی جدی و پەنجەی تۆمەتیان بۆ درێژ دەکەن کە بوونەتە بەشێک لە پاشکۆی بریارەکانی حزب و پیاو لەناو دەسەڵاتدا، بۆیە هەرکێشەو گرفتێک کەبۆ مەسەلای ژن دێتە پێشەوە، پێویستە ئەمان چاوەرێی دەسەڵات بکەن تا تیشکی سەوزیان بۆ هەڵکەن چی بڵێن، چونکە هەر رەخنە گرتنێک لەدەسەڵات بۆ مەسەلەی ژن دەبێتە هۆی تێکچون و ئاڵۆزبوونی پێوەندیەکانی نێوان رێکخراوەکانی ژنان و دەسەڵات، هەرچەندە ئێستا چەندین ژن لەناو دەسەڵاتدا پۆستی وەزیرو چەند ئەندام پەرلەمانێک لەناو پەرلەماندا کارو چالاکی خۆیان دەکەن و سەرەرای بوونی ئەم هەموو رێکخراوەی ژنان نەیاتوانیوە کۆبوونەوەیکی جەماوەری بەرێخەن دژی ئەو کوشتوو پڕو رەشە کوژییەی کە دژ بەژنان دەکرێت و مافەکانیان بەرۆژی نیوەرۆ پێشێل دەکرێت سوکایەتیان پێ دەکرێت بەبیانووی خۆشەویستی و ناموس پەرستی و سەندنەوەی شەرەفەوە لەم رۆژانەی پێشوودا ژنە کوردی دانیشتووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەفەریک گەراوەتەوە کوردستان کە (نەزەند بەگیخانی)یە بەهەوڵ و چالاکی بوێرانەی خۆی توانی لەناو پەرلەمانی کوردستان ئەو کوشت و پڕو رەشە کوژییەی دژ بەژنان بەشێوەی زۆر مەترسی کە کێرڤی لەبەرزبوونەوەدایە وە ئەوەی بەگوێی دەسەڵاتدارانی کوردستاندا دا کە ئەم پێشل کردنەی مافی مرۆڤ و کوشتنە چەند بەخراپی بەسەر ئەزموونی دیموکراسی و مافی مرۆڤی حکومرانی کوردیدا دەشکێتەوە لەدوای دەربڕینی ئەم پێشنیارانە بۆ دەسەڵاتی کوردی لەلایەن ئەم ژەن چالاکەوە، ئیتر سەرجەم ژنانی کوردستان دەنگی نارەزاییان بەرامبەر خراپی بەکارهێنانی دەسەڵات لەدژی ژن بەرزکردەوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ژنان کە تاکو ئێستا جۆرێک لە سلێمینەوە بەرامبەر بەدەسەڵات دیاری دەکەن یاخود بەتەواوی پاشکۆو چاوەڕێی بریاری دەسەڵات دەکەن قسە کردن لەسەر کێشەکانی ژنان بۆیە پێویستە چیتر ژنانی بواری هەڵسوراوی بەرگری کێشەو مافەکانی ژنان بەچاوێکی کراوەترو خۆ پڕ چەک کردن بەچەکی رۆشنبیری و سیاسی و بەرخۆدانێکی زیاترو بەنەفەسێکی قووڵترو بوێرانە بێنە مەیدان و سڵ لەترس و هەرەشەو گورەشەی دەسەڵاتی پیاو نەکەنەوە وەزنجیری دیلی بپسێنن، وە هەوڵ و تێکۆشانی فراوان بدەن بۆ گەیشتن بەناوەندەکانی بریارو یان خۆیان بریار بدەن لەچارەنووس و کێشەو گرفتەکانی خۆیان، نەک چاوەڕوانی بریاری پیاو بن لەسەر مەسەلەو کێشەیەک کەتایبەتە بەرەگەزی مێ کەئەویش ژن خۆیەتی.